# دکتۆر عەلیو مریەم خان

## نموونەی دوو مرۆڤی نیشتمانپەروەر



1984/3/2

دیداری: عەبدلواحید دوکانی

**کاتێك چووینەماڵەکەیان سەرمان سوڕما لەو هەموو وردەکارییەی کە بۆ ڕازاندنەوەی باخچەکەیان کردبوو، دیمەنی ئەو هەموو گوڵە جۆراوجۆرە سەرنجت ڕادەکێشێت، ماڵەکەشیان وەك خۆیان هێمنو سادەبوو، دوای ئەوەی لەمەبەستەکەمان حاڵیمان کردن، بە ڕوویەکی گەشەوە پێشوازییان لێکردین، ئەو ماڵە ماڵی هەردوو پێشمەگەری دێرینو فیداکار دکتۆر عەلیو مریەم خان بوو. لەو ئێوارەیەدا لەژێر سێبەری گوڵەکاندا ئەم گفتوگۆیەمان سازکرد:**



1980/8/26
کەلیتە

***سەرەتا، بابگەڕێینەوە بۆ ژیانی منداڵیی؟**

-دکتۆر عەلی: من ساڵی 1944 لە کۆیە لەدایکبووم، تا پۆلی یەکەمی ناوەندیم خوێند، لەو ساڵەدا بەشداری خۆپیشاندانێکم کردو لە ئەنجامدا دەستگیرکرام، لە خوێندن دەریانکردمو کردیانمە سەرباز، لەوێش هەر گیرامەوەو (27) ساڵ حوکمدرام لەگەڵ مامۆستا (گۆران)ی شاعیر، کە ئەویش (7) ساڵ حوکمدرا. کاتێك چوینە ناو زیندان، مامۆستا گۆران لەوێ بوو زۆر هانیداین و وتی ئافەرین کوڕەکانم ئێوە مرۆڤن، ئێوە پیاوی دواڕۆژی ئەم گەلەن. دواتر شۆڕشی 14ی تەمموزی بەسەرداهاتو بەربووم.

پاشان بەهۆی دراوسێیەکی خۆمانەوە لە پەیمانگەی پزیشکیی وەرگیرام، کە بە سەربازییش بۆم حساب بوو. جارێکی تریش گیرامەوەو بەخت یاوەرم نەبوو.. ئەوکاتەش (5) ساڵ حوکمدرامو لە کاتی ئینقلابی بەعسیەکانیشدا دەرگای زیندانمان شکاندو گەڕاینەوە، کاتێك هاتینەوە هەواڵی مردنمان بڵاوبووبۆوە، ئیتر هێنایانینە چەمی ڕێزانو لای مامۆستا عومەر دەبابەو حیلمی عەلی شەریفو مەلا ناسحو برادەرانیتر.

مریەم خان: ساڵی 1948 لەڕانیە لەدایکبووم، تا پۆلی دووی ناوەندیم خوێندووە، بەهۆی ئەوەی (عەزیز بەگ)ی برام هەر پێشمەرگە بووە منیش لەگەڵ ئەودا هەر دەربەدەربووم.. دواتر پەیوەندیم بە یەکێتیی قوتابیانەوە کردوەو لەساڵی 1963وە لە یەکێتیی ئافرەتاندا بووم، منو ئاسۆسی میرزا مەنگوڕیو گەلاوێژ شەفیق لە ناو ڕانیە کارمان دەکرد تا 1966 کە لەو ساڵەدا لەگەڵ عەزیزبەگ بۆ ماوەی (8) مانگ گیرامو دوای بەربوونم گەڕامەوە بۆ گوندی (نۆرێ)و لەوکاتەوە تاکو ئێستا هەر پێشمەرگەم.. لە سەرەتای هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێوە، هەر پێشمەرگە بووم.

***دکتۆر عەلی چۆن لەگەڵ مریەم خان یەکترتان ناسی؟**

-ڕۆژێك لە سەروچاوە دەمبینی مریەم دەهاتو دەچوو، منیش زۆر بەلامەوە جوان بوو، سەرنجیڕاکێشامو تەماحم تێکرد، یەکسەر کاغەزێکم بۆ ناردو وتم (ئایا مێردم پێدەکەی؟)، ئەویش لەوەڵامدا وتبووی: (مێردت پێناکەم) کە هۆکارەکەشی مەسەلەی فیکری بوو.. من مارکسی بوومو مریەم کەسێکی نەتەوەیی بوو، بەڵام دواتر هەر چۆنێك بێت رازی بوومو ڕێککەوتین.

***مریەم خان ئەو وەڵامەی دکتۆر عەلی کە وتی مێردت پێناکەم ئایا لە دڵەوە بوو یان نا؟**

-مریەم خان: زۆر بەڕاستم بوو، چونکە ئەو کاتە بیروباوەڕ بەلامەوە زۆر گرنگ بوو، بەڵام دواتر ڕێککەوتینو ساڵی 1970 ژیانی هاوسەریمان پێکەوەنا.

***لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا هیچ کاتێك هەبووە دڵتەنگ بن؟**

-دکتۆر عەلی: ئەوکاتەی هەواڵی شەهیدبوونی عەلی عەسکەریو هەڤاڵەکانیم زانی زۆر دڵتەنگ بووم، (7) ڕۆژ نانم

نەخوارد.

مریەم خان: بەزانینی هەواڵی هەرەس زۆر دڵتەنگ بووم کە ماوەیەک تووشی ئاڵۆزیی باری دەروونیی بووم.

***مریەم خان کاک عەلی لەگەڵ خواردن بەینی چۆنە؟**

—زۆر حەزی لە خواردنی خۆشە، بەڵام لە شاخ ئەگەر خواردنی باشی دەست نەکەوتبێت ئەوا خۆی راگرتووەو نەیکردۆتە بۆڵەبۆڵ بەسەرمدا کە ئەوەش بەختی من بووە.

دکتۆر عەلی: خواردنی دەستی مریەم زۆر بەلەزەتە، لە شاخ هەموو برادەران دەهاتن دەیان وت مریەم خان فلان خواردنمان بۆلێنێ. لەوکاتەدا هەمووشیان لە بارەگاکانی خۆیان خواردنیان دروستدەکرد.

***کاتێك بە گوندەکاندا جەولەتان دەکرد وەك دوو پێشمەرگەی (ژن و پیاو) خەڵکی چییان دەووت؟**

—دکتۆر عەلی: دەچووینە هەر جێگەیەك پێیان سەیر بوو بەتایبەتی کەسێکی وەك مریەم کە چەکی پێشمەرگایەتی کردبووە شان و شەووڕۆژ بەو شاخانەوە بووە.

مریەم خان: هەرکاتێك دەچوومە هەر گوندێك قسەم بۆ ژنان دەکردو ئامۆژگاریم دەکردن کە واز لەژن بەژن و گەورە بەگچکەو ئەو کارانە بهێنن. جارێکیان لە گوندێکی ناوچەی بادینان دوای ئەوەی لەگەڵ موختاری گوندەکە قسەمان کرد، وتی: ئێستا ئامادەم کچەکەی خۆمت لەگەڵ بنێرم بۆ ناو شۆڕش.

***لە شاخ ماڵتان هەبوو؟**

—مریەم خان: ئەو کاتەی ژیانی هاوسەریمان پێکەوەنا، بڕیارماندا کە نەهێڵین منداڵمان ببێت بۆ ئەوەی نەبێتە کۆسپ لەبەردەم ئەرکەکانی سەر شانمان لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا.. تا ساڵانێکی دوورودرێژ بەرگری ئەوەمان کرد کە منداڵمان ببێت و دوای ئەوەی دەرفەتیش رەخسا بەرگرییەکە کاری خۆی کردبوو، بۆیە ئێستا منداڵمان نییە.. لە شاخیش هەر ماڵمان دروستدەکردو لە ناکاو دەبوو بەشەڕو پێکدادان و ماڵەکەمان لەبەین دەچوو.

دکتۆر عەلی: ئێمە نەك ماڵ، ژیانی خۆمانمان کردۆتە قوربانی کورد، ئێستاش ماڵم بەلاوە گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە ئازادی هەیەو حکومەتی هەرێمی کوردستان حوکمرانی هەرێمەکەیە.

***وەك باسی دەکەن ئەرشیفێکی دەوڵەمەندتان هەبووە؟**

—دکتۆر عەلی: لە سەرەتای شۆڕشەوە دەستمکرد بەوێنەگرتن و هەڵگرتنی ئەرشیفەکانی شۆڕش کە شتی زۆردانسقەی تێدابوو، تا راپەڕین بەدڵ و بەگیان پاراستمن، بەڵام بەداخەوە بەهۆی شەڕی ناوخۆوە ماڵەکەمان تاڵانکراو ئەو ئەرشیفەش لەبەینچوو کەزۆر جێگەی داخە.

***قەت بووە لە شاخ ماوەیەك لێك دووربکەونەوە؟**

—دکتۆر عەلی: ئەوەندەی لە یادم بێت دووجار لێك دوور کەوتوینەتەوە، جارێکیان لە شۆڕشی ئەیلولدا (21) رۆژ بەهۆی شەڕەوە لێك دوورکەوتینەوە، جارێکی تریش لە 1978دا هەڤاڵ مام جەلال منی نارد بۆ ئیران بۆ کاریك و (18) رۆژ لیکدابراین.


***مریەم خان ئەو دووجارە بیری دکتۆر عەلی–ت نەدەکرد؟**

—وەڵاهی لە ژیانی خۆماندا جگە لەوەی ژن و مێرد بووین وەکو دوو هاوڕێ مامەڵەمان لەگەڵ یەککردووە، بۆیە هەر دوورکەوتنەوەیەکی بەلای منەوە زۆر کاریگەرو ناخۆش بووە.


***لە کۆتایی ئەم دیدارە چی دەڵێن؟**

—دکتۆر عەلی: ئاواتمان سەرکەوتنی کوردە، مانەوەو گەشەکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەربەرزی بنەماڵەی شەهیدانە.

—مریەم خان: زۆر سوپاس بۆ پشووی کوردستانی نوێ بۆ ئەم بەسەر کردنەوەیە، هیوادارم دەزگا بەرپرسەکان زیاتر ئاور لەبنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان بدەنەوە.



هەڤال مام جەلال و دکتۆر عەلی– 1980



دکتۆر عەلی و مریەم خان – رانیە